# Western Kurdistan Government in Exile

**WKA, Palingswick House, 241 King Street, London W6 9LP, UK**
**Tel: 0208 748 7874, Fax: 0208 741 6436, Mobile: 07768 266005**
**www.rojavatv.org.uk e-mails: wka@knc.org.uk KNC@ribrahim.de**


**سەرۆك بارزانی لە كۆبوونەوەیێكدا لە لەندەن و گفتوگۆی لەگەڵ د. جەواد مەلا سەرۆكی حكومەتی رۆژاوای كوردستان.**

**رۆژی 30 - 10 - 2005 لە كۆبوونەوەیێكی جەماوەریدا لە شاری لەندەن بە ئامادەیی نزیكەی هەزار كەس برای بەرێز مەسعود بارزانی باسی بارودۆخی گشتی كرد و لە كۆتاییدا داوای كرد كە كێ پرسیاری هەبێت. د. جەواد مەلا، سەرۆكی حكومەتی رۆژاوای كوردستان لە هەندەران ئەم پرسیارەی كرد (دەبوایە هەموو كەسێك لە پێشدا خۆی بناسێنێ)**

**من جەواد مەلام سەرۆكی حكومەتی رۆژاوای كوردستان لە هەندەران (چەپڵەیێكی گەرم)، زۆر رەخنەم هەیە، بەڵام چەند رۆژێك لەمەوبەر ئێوەم لەگەڵ سەرۆك جۆرج بوش دی، كە بەناوی مستر پرێزیدێنت واتە جەنابی سەرۆك، واتە سەرۆكی كوردستان بانگی ئێوەی دەكرد، ئەوكاتە هەموو رەخنەكانم لەبیر چوونەوە و هەستم كرد كە دەوڵەتی كوردستان لەو چركەیەوە دامەزراوە و هەموو دونیا موڵكی منە و لە خۆشیدا دوو شەوە نەخەوتووم. هەر لەكاتی كۆبوونەوەكەتان لەگەڵ سەرۆك بوش راپۆرتەكەی میهلیس دەرچوو كە سوریای تاوانباركرد بە تیرۆركردنی شەهید رەفیق ئەلحەریری سەرۆكی لوبنانی پێشوو، ئایا سەرۆك بوش هیچی دەربارەی ئازادكردنی سوریا و كوردستانی سوریا و دامەزراندنی حكومەت و پەرلەمانێكی كوردی لە رۆژاوای كوردستان هەروەك باشووری كوردستان؟**

**سەرۆك بارزانی وەڵامی دایەوە, نا ئێمە نە باسی سوریا و نە باسی كوردستانی سوریامان نەكرد، و سەرۆك بارزانی لێرەدا بە زەردەخەنەوە وتی , بەڵام ئەگەر ئەو باسەشمان كردبێت ئایا دەشێ من لێرەدا بە ئاشكرا و لەبەردەم ئەم هەموو جەماوەرەدا بیڵێم؟ چەپڵەیێكی گەرم دەنگی دایەوە و گفتوگۆكە كە بەزمانی كوردی بوو و بە ئامادەیی سەرەكوەزیری حكومەتی كوردستان برای بەرێز نێچیرەڤان بارزانی و د. بەرهەم ساڵح و د. فوئاد حسێن و كەسانی دی كۆتایی هات.**

The president Barzani in a meeting in London and his discussion with Dr Jawad Mella, president of the Western Kurdistan Government in Exile

On 30 - 10 - 2005 in a mass meeting in London organised for Mr Masoud Barzani, in which he discussed the general state of affairs in the presence of around a thousand people, Mr Masoud asked at the end of the meeting for questions. Dr Jawad Mella, president of the Western Kurdistan Government in Exile was present and asked the following question (after introducing himself according to the set rules):

My name in Jawad Mella, president of the Western Kurdistan Government in Exile (loud applause), I have a lot of criticism, but few days ago I saw you with president George Bush who was addressing you as Mr President, i.e. president of Kurdistan, then I forgot my criticism and felt that the state Kurdistan has been established in that moment and in my happiness I was not able to sleep for the past two days. The Mehlis report has been issued condemning Syria for the assassination of the former president of Lebanon El-Hariri during the same time as your meeting with President Bush. Did President Bush tell you anything regarding the liberation of Syria and Syrian Kurdistan, or establishing a Kurdish government and parliament in Western Kurdistan as it is the case in Southern Kurdistan?

President Barzani answered: no we did not discuss Syria or Syrian Kurdistan. Then President Barzani smiled and said: even if we had discussed the subject is it possible to say that openly in front of such a huge audience? A loud applause erupted and the discussion ended, which was in Kurdish language and in the presence of the head of the Southern Kurdistan government Mr Nechirvan Barzani, Dr Barham Saleh, Dr Fuad Hussein and others.